مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەڵمێنێ

ساڵی ١٩٧٣ دەوڵەتی عێراق عارەبی هاوردەی باشووری عێراقی بەرەو کەرکوک بەڕێ کردو زەوی و پارەو دەسەڵاتێکی زۆری پێدان و جێگەی ئەو کوردانەی پێ پڕدەکردەوە کە دەری دەکردن، خەڵکی ناوچەکەش ناوێکی بۆ ئەو عارەبە هاوردانە دروستکردو پێیان دەووتن (دەهەزاری) چونکە دەسەڵاتی ئەوکاتەی بەعس بۆ هەر خێزانێکی هاوردە دەهەزار دیناری عێراقی پێ دەبەخشین (دەهەزار دیناری عێراقی (چاپی سویسری) ساڵی (١٩٧٣) دەکاتە (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دۆلاری ئێستا). ئەوەی شایانی باسە بەدرێژایی هەشتاو دوو ساڵ دژایەتی و ڕکەبەری و وێرانکردن و بەعارەب کردنی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری نزیکەی دووسەدوپەنجا هەزار کورد لەکەرکوک ماڵ وێران و دەرکراوە کەچی ئەنجومەنی عێراق بەدەنگدانێکی ناحەزانەو لەبەروواری (٢٠٠٨/٧/٢٢) دا بەئامادەنەبوونی زۆرێک لەئەندامانی ئەنجوومەن بڕیاری بابەتی (١٤٠)ی گۆڕی بە بابەتی یاسای ژمارە (٢٤) کەهێشتا بەو هەموو زووڵمەی لەکەرکوک کراوەو ئەو هەموو کوردەی لێدەرکراوە ڕازی نابن بە هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵکی شاری کەرکوک بۆ چارەنووسی خۆیان ئەوە ئەوپەڕی فاشیستی و تاک ڕەوییە لەبیری کۆنەپەرستی دەسەڵاتدارانی عێراقدا هەیەو بۆیە لە بەروواری (٢٠٠٨/٧/٢٨) دا خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کەرکوک دەستیان کرد بەخۆپیشاندانی ئاشتی و نەک تەنها کەرکوک بەڵکو سەرتاپای کوردستان خۆپیشاندانیان کرد دژبە بابەتی ژمارە (٢٤) بەڵام مخابن لەکاتی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی خەڵکی کەرکوکی قارەمان خۆکوژێک خۆی تەقاندەوەو بیست و شەش (٢٦) شەهیدو دووسەد (٢٠٠) بریندار لێکەوتەوە کەبەڕاستی جێی نیگەرانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بوو . دوابەدوای بڕیاری بەغداو خۆپیشاندانەکانی کوردستان ئەنجومەنی باڵای کەرکوک دەستەوەستان نەبوو بۆیە زۆر بوێرانەو زۆرکوردانە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەکۆبوونەوەیەکی نائاساییدا لەبەرواری ٢٠٠٨/٧/٣١ ی کاتژمێر یەکی (١) پاشنیوەڕۆی هەمان بەروار بەبڕگەی سێ (٣) بابەتی (مادە) ی دوو (٢) ی یاسای ژمارە سیانزە (١٣) ی جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان بۆ ساڵی (٢٠٠٨) بەزۆرینەی دەنگ داوای گەڕانەوەی شاری کەرکوکیان کرد بۆسەر هەرێمی کوردستان . وەکو یاسا وەکو دیموکراتییەت وەکو جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان لە سیستمی فیدراڵییەتدا ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک زۆر یاسایی و بەجێ بوو بێجگە لەوەی زۆر بڕیارێکی شۆڕشگێڕانەو نیشتمان پەروەرانەبوو بڕیارێکی مێژوویی بوو بەڵام هەتا ئێستاو هەتا کاتی نووسینی ئەم ووتارە دەسەڵاتی ناوەند وەڵامی داخوازییە ڕەواکەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان نەداوەتەوە . ئەوەی شایانی باسە و گرنگیدان بەکەرکوک و پیشاندانی بۆ دوژمنان کە ئەم شارە کوردستانەو وەڵامێکی ناڕاستەوخۆو وەڵامێکی تاڵ بۆ تورکیاو بەغدا ئەوە بوو کە کاک مەسعود بارزانی لە (٢٠٠٨/٨/٨) دا سەردانی شاری باباگورگوڕی کردو سەردانەکەی ناولێنا (پەیامی ئاشتی و برایەتی) بۆ خەڵکی کەرکوک بەڵام لەڕاستیشدا ئەو سەفەرەو لەوکاتەدا زەنگێک و ئاماژەیەک بوو بۆ دوژمنان و بەپیرەوە چوونی داواکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بوو. وڵات و دەسەڵاتی تورکیا سەرسەختترین و دووواکەوتوترین دووژمنی گەلی کوردە ئەو نەک پێی ڕەوا نییە مافی کوردەکانی باکوور بدات بەڵکو چاوی لەبەشەکانی تریشەو هەرێمی کوردستانی باشووریش بۆتە دومەڵی سەر دڵی و نزیکەی (٢٠٠٧ / ٢٠٠٨) بەبەردەوامی بۆردومانی خەڵکی سڤیلی قەندیل و باشووری کوردستان دەکات . دوژمنانی کورد هەموو چاویان بڕیووەتە کوردستان و بەتایبەت کەرکوک بۆیە تورکیا خۆی بۆنەگیراو سەردانێکی نهێنی کەرکوکیان کرد چوونەکەشیان بەم شێوەیە بووە .. سەردانی تورکیا بۆ شاری کەرکوک ساڵی (٢٠٠٦) بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بووە تەنها لەسەر بانگهێشتی پارتێکی تورکومانی بووە ئەمەش بۆخۆی کارێکی نایاسایی و بێ ڕێزیە بە هەیبەتی هەرێمی کوردستان و عێراق . تورکیا خۆی وانیشان دەدات کەدڵسۆزی تورکومانەکانە بەڵام ئەوکاتەی گەلی عێراق و کوردو تورکومان لەژێر زووڵم و ڕەزالەتی بەعسدا دەچەوسانەوە تورکیا لەکوێ بوو .؟. یان ئەو هەموو تەنگاوی و پەلەقاژێیەی تورکیا بۆ تورکومانە یان بۆ کەرکوکە .؟. یان کارەکە زۆر لەوە گەورەترەو دەترسێت کورد بیبات و بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەوکات هیچ ڕێزو بوونێک بۆ تورکیا دانەنێت . یان دەسەڵاتی تووورک شۆڤێنیستی و نەژاد پەرستی و ڕک و کینەو نایاسایی بەشیرەوە خواردووە .؟. تورکیا لەئەمڕۆ ناترسێت کەکوردستان هەمووی پارەخواردن و گەندەڵی بینەقاقای گرتووە بەڵکو لەسبەینێ دەترسێت کەسەربەخۆدەبێت و پەل دەهاوێت بۆ بەشەکانی تری کوردستان .. ئەو ڕۆژە دێت و خەووخەیاڵ و ئاواتی لەمێژینەمان دەبێتە ژیانێکی ڕاستەقینە .

سەرنج لەفاشیستی و بێ متمانەیی دووژمن بدەی بەئاسانی دڵ پاکی و نەزانی کاری ڕامیاری سەرکردەی کوردمان بۆ دەردەکەوێت . ئەوکاتەی عێراق لەگەرمەی تەپوتۆزی شەڕدا بوو لەگەڵ شەڕی ناوخۆ (civil war) (دەسەڵات و سەدرییەکان) (٢٠٠٣ / ٢٠٠٤ / ٢٠٠٥) فرسەتێکی باش بوو بۆ کورد خۆی بەدەستی خۆی کەرکوکی ببردایەو لەوکاتەدا دەووڵەت لاوازبوو لەباری ئابووری و سەربازیدا نەیدەتوانی هیچ بکات بەڵام کورد فێری کاری ڕامیاری و بەڕێوەبردن نابێت تەنها لەیەک کاردا زرنگ و چالاکین ئەویش بەرامبەر بەیەکترو بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی . ئێمەی کورد ئەگەر بەهێزی سەربازی ئەوەمان نەکردوو بەهەڵەمان دەزانی لەڕاستیدا ئەو بیرکردنەوەیە خۆی هەڵبوو دەنا وڵات و خاکی خۆت ئەمڕۆ بیبەیت لەسبەینێ باشترە . بەداخەوە چاوەڕێی دەسەڵاتی ناوەندبووین خۆی کەرکوکمان بداتێ هەرگیز کورد چاوەڕێی ئەوە نەکات دووژمن خۆی خاک و ئاوی کوردستانی بداتەوە بەپێچەوانەوە ئاواتی دووژمنانی گەلی کورد ئەوەیە نەتەوەی کوردیش نەهێڵێت . پێویستە کورد لەمەودووا بەبیروهۆشێکی ڕامیاری و بەرژەوەندیانە بیربکاتەوەو خەڵکی هۆشیارو ڕامیارزان لەخۆی کۆبکاتەوەو بڕیاری ڕامیاری چارەنووس سازی گەورە بۆ میللەتی کورد بدات .

(**ئەنتۆنی داماتۆ**) یاساناس و گەورە نووسەری ئەمریکی دەڵێت : کورد پێویستە بڕیاری سەربەخۆیی خۆی بدات (independence) لەباشووری کوردستان و ناوچەیەکی نزیک لەموسڵ بدات بەئەمریکا بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات چونکە بەگەڕانەوەی هێزی ئەمریکا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی کورد لەم بارە ناهەموارەیدا بێت دووژمنانی دەیخۆن .

ئەو بوارانەی بۆ کوردو سەرکردەکانی کوردستان ڕەخساوەو سوودیان لێووەرنەگرتووە:

هەموو شۆڕشەکانی کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٢ / ٢٠٠٣) خەبات و خوێن و ماڵوێرانی بووەو بەگران کەوتووە لەسەرشانی ئازادیخوازانی کوردو چەندەها ساڵ دەربەدەری و کۆڵ بەکۆڵ و ماڵ سووتان و بێ پشوویی و .. هتد . لەکۆتایشدا بەکۆبوونەوە نهێنییەکان گەڕاونەتەوە بۆ خاڵی دەست پێکردن و (خاڵ / صفر) کۆتایی بەهەموو ڕەنج و خەباتی ئەم گەلە ستەم دیدەیە هاتووە بەبێ هیچ بەرهەمێکی باش کەشایستەو لەئاستی ئەو هەموو قوربانییانەبێت کە میللتی کورد داوێتی . بەچوار (٤) خاڵ باسی بوارەکان دەکەین لەخوارەوە .

وشەی کوردستان .. ! .

وشەی کوردستان لەدوو ووشەی لێکدراوەوە هاتووە (کورد / ستان) کورد ووشەیەکی کوردی و (kurd) جیهانی یە و (International) لە ناوی میللەتی کوردەوە هاتووەو ناوە (الاسم) (Name) ووشەی ستان زۆربەی زۆری زاناکانی زمانەوانی دەڵێن ووشەیەکی ئێرانییەو وواتاکەی بەشارو نیشتەجێبوون و وڵات دێت بەڵام ڕاووبۆچوونی من جیاوازە لەسەر ئەو بابەتە چونکە بە ئێرانی یان بەفارسی دەڵێن ئوستان نەک ستان . وشەی ستان (stan) پێم وایە جیهانی یەو نزیکە لە ناوی سیتی (city) ئینگلیزی و (stan) ی ئەوروپی و بەتایبەت زمانی سویدی کەبەشارو جێنشینی ئادەمیزاد دەڵێن ستان . یەکەم کەس کە ووشەی (کوردستان) ی بەکارهێناوە (سلطان سانجار) ی پادشای کوردان بووە لەسەردەمی سەدەی دووانزە (١٢) دا . بەشێوەیەکی زانستی و وێژەیی ناوی ووشەی لێکدراوی کوردستان لەوواتای وڵاتی کوردانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەکارهێنانی ووشەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نۆ سەدە پێش ئێستا (٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر) .

هەندێک لە دامەزرێنەران و پێشەواو سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەرامبەر دووژمنانی سەرسەخت و ناحاڵی وەکو : ئینگلیزی ئەکات و عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتا ئێستا (١٩١٢/ ٢٠٠٨) ئەم پیاوە ناودارانە بوون (عەبدولقادر شەمزینانی ، شێخ سەعیدی پیران ، شێخ عوبەیدوڵای نەهری ، شێخ ئەحمەدی بارزان ، قازی موحەمەد ، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، دکتۆر سادقی شەرەفکەندی ، شێخ مەحمودی حەفید ، مەلا مستەفای بارزان ، ئیبراهیم ئەحمەد ، مام جەلال ، مەسعود بارزانی).

م . حەمید عەزیز
hamid٧٧٢@hotmail.com

ماویەتی

سەبارەت بە پێشمەرگە، ئێمە یان ئەوان؟!

ئەگەر ناوی **پێشمەرگە** لای کوردستانیان پیرۆزو خۆشەویستیش بێ، ئەوە لای دوژمنان ناحەزەو ڕقیان لێدەبێتەوە. بەوهۆیەشەوە تا ئێستا لەسەر ئەم وشەیەدا لەگەڵ هیچیان یەکلایی نەبووینەتەوە. ئێمەی کوردستانی کە پێداگری لە سەر مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، داوای مانەوەی هێزی پاراستنی گەل دەکەین و لێیدەخوازین گیانبازی زیاتر لەپێناو پاراستنی نیشتمان و دەستەکەوتەکاندا بکات، کەچی بەرانبەرەکەشمان باس لە میلیشیابوونی پێشمەرگە دەکات، دەیەوێ بێ پاسەوان و پشتیوانمان بهێڵێتەوە، گەرەکیەتی لەژێر ئەو پاساوەدا شەڕی پێشمەرگە بکات و تۆڵەی رابردووی لێبکاتەوە، ئەمەش دوو روانگەی جیاوازن و تێک ناکەنەوە.

ناوی پێشمەرگە لانی کەم شەشت و چوار ساڵ دەبێ کە جێگەی خۆی لەنێو دڵ و دەروونی کوردستانیاندا کردۆتەوە، ئەوکاتە ناحەزانمان بە موتەمەڕید، یاخی، لەیاسا دەرچوو، بکوژ و بەکریگیراویان دادەنا، بەوهۆیەوە هەر لە دەستپێکەوە ئێمەو ئەوان جیاوازیمان هەبووەو بە چاویلکەی جیاوازەوە لە پێشمەرگەمان روانیوە.

لەوەتەی رژێمی بەعس رووخاوەو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان خۆی بۆ دامەزراندنەوەی عێراق تەرخان کردووە، کوردستانیان لەگەڵ پرسی پێشمەرگەدا رووبەڕوو بوونەتەوە، نیگەران بوونەو پرسیویانە: 'ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەمێنێتەوە یان دەبی بەبەشێک لە سوپای عێراق؟! کاتێک وشەی پاسەوانی سنوور کەوتە سەرزاران نیگەرانیەکەی خەڵک زیاتری کردو حەزیان نەدەکرد کە پێشمەرگە ببێ بە پاسەوانی سنوور، بەڵام ئێستا کێشەکە ئاڵۆزتر بووە، لەلایەکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پێشمەرگەی دامەزراندووەو هەوڵ بۆ بەهێزکردن و پرمەشقکردنی دەدات، کەچی حکومەتی ناوەند هەوڵی سڕینەوەی هێزی پێشمەرگە دەدات. ئەوەتا لێرەو لەوێ گوێمان لێ دەبێ کە بەرپرسانی عێراقی باس لە میلیشیابوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، هەندێکیان داوای لێدان و هەندێکی دیکەش داوای هەڵوەشانەوەی دەکەن.

لەوەتەی حکومەتی بەغداد بڕیاری داوە کە سوپای خۆی رەوانەی ناوچەی جەلەولاو قەرەتەپەو جەبارە و خانەقین بکات، زەنگی ئەوە لێدراوە کە ئایا پێشمەرگە لە فەرهەنگی عێراقیدا چ جێگەیەک دەگرێ؟! ئایا وەک بەشێک لە سوپای عێراق پێوانەی بۆ دەکرێ؟! یان وەک میلیشیا چاوی لێدەکرێ؟!

ئەگەر پێشمەرگە بەشێکە لە سوپای عێراق، ئەی بۆچی داوای کشانەوەی لە ناوچەکانی پارێزگای دیالە دەکرێ لە کاتێکدا لە ماوەی پێشوودا ڕۆڵی بەرچاوی لە پاراستن و هێورکردنەوەی ڕەوشی دەڤەرەکە هەبووە؟ ئەگەر پێوانەی میلیشیاشی بۆ دەکرێ، ئەی بۆچی حکومەتی عێراق بوێری ئەوە ناکات لە دژیدا بوەستێ و شەڕی لەگەڵ دابکات؟!

ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانێکدایە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەرپرسانی بەغداد تێیدا یاری دەکەن، هەرچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێگەیەکی دەستووری و یاسایی هەیەو بەشێکە لە سوپای عێراق و ئەرکی پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستانی هەیە! هەرچی بەرپرسانی عێراقیشن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر بەشێکە لە سوپای عێراق ئەوە دەبێ لەژێر فەرمانی وەزارەتی بەرگری عێراق دابێ و راستەوخۆش فەرمان لە سەرۆک وەزیران وەربگرێ! لەم روانگەیەشەوە چونکە لەژێر فەرماندەیی سەرۆک وەزیران دانیە ئیدی میلیشیایەو دەبێ بۆ پشت هێڵی ٣٦ بکشێتەوە.

بەرپرسانی کورد دەڵێن: 'ئەگەر پێشمەرگە میلیشیا بوو، ئەی بۆچی بەرپرسانی حکومەتی بەغداد داوایان لێکرد کە بەرپرسیاریتی ئاسایش و پاراستنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی عێراق لە ئەستۆ بگرێ؟' هەرچی بەرپرسانی عێراقیشن دەڵێن: ' هەر هێزێک کە ئەگەر لەبەرانبەر سوپای عێراق رابوەستێ و فەرمانەکانی ئەرکان جێبەجێ نەکات، ئەوە میلیشیایەو دەبێ لێی بدرێ!

لە پێنج ساڵی رابردوودا، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوڵی داوە کە هەموو شتەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی بەغداد یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئایا چ جۆرە ڕێککەوتنێک لەسەر پێشمەرگە دەکرێ؟! ئایا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم رازی دەبن کە پێشمەرگە بۆ پشت هێڵی ٣٦ بگەڕێتەوەو ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بە سوپای عێراق بسپێرێ کە هەمان رەفتاری سوپای ئەنفال دووپات دەکاتەوەو سوکایەتی و بێ ڕێزی بە کوردستانیان دەکات؟! لە هەمان کاتیشدا ئایا بەرپرسانی حکومەتی بەغداد رازی دەبن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بمێنێتەوەو فەرمانیش لە سەرۆک وەزیرانی بەغداد وەرنەگرێ؟!

شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بەرپرسانی ئەمریکا بێنە ناو کێشەکە و لە بەرژەوەندی بەغداد بیشکێنەوە، بۆیە ئێستا پرسیاری شەقامی کوردستان ئەوەیە کە ئایا سەبارەت بە پێشمەرگە بۆچوون و خواستی ئێمە سەر دەگرێ؟ یان وەکو کێشەکانی دیکەی وەک ماددەی ١٤٠ و ماددەی ٢٤ و کێشەی بودجە حکومەتی بەغداد دەیباتەوەو ئێمەش دەست بەتاڵ دەگەڕێینەوە؟!

کێشەی پێشمەرگە هەرباشوری کوردستانی سەر قاڵ نەکردوە، بەڵکو بەهەمان شێوە، ئێستا حکومەتی تورکیا داوای چەک دانان لە گەریلاکانی پەکەکە دەکات و لێشیان دەخوازێ کە خۆیان رادەستی دەوڵەت بکەنەوە، بەهەمان شێوەش کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ وشەی پێشمەرگە ناکۆکەو بە دژی شۆڕش ناوی دەبات، لەو نێوانەدا دەبێ ئاکام بەلای کێدا بشکێتەوە؟ ئایا پێشمەرگە وەکو جاران بە زیندووی دەمێنێتەوە یان نا؟

سەمیر شێخانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com